**ئامرات کورهاوس گراند هۆتێل، لاهای.**

**کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەرەو ئاشتی**

**١٨ی مارسی ٢٠١٦، دەمژمێر ٥ بۆ ٩ ی ئێوارە**

**هێرشە دڕندەکانی ڕژێمی فاشستی تورکی دژی خەڵکی کورد بوەستێن ، داوای بڕیاری دروست لە حکومەتەکانمان دەکەین**

**بەیەکەوە بەهێزین – ئێمە مرۆڤین**

**تێبینی خێزان: ئەمە پێشەکی پرۆژەیەکە کە کەڤین لە ساڵی ٢٠١٦ وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندنی لە زانکۆ پێشکەشی مامۆستاکەی، خاتوو ئەنجێلا تاکۆر ، ی کردووە. تەواوی پرۆژەکە تەرجەمەی کوردی نەکراوە و لە ئینگلیزی و هۆڵەندییەکەدا هەیە.**

**پێشەکی**

لە تورکیا حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتی ئەردۆگان وەک ڕژێمێکی سەرکوتکەرانە حوکم دەکەن.  لە ساڵی ٢٠٠٢ وە کە ئەم حیزبە زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا کۆنترۆڵی تەواوی جومگەکانی دەوڵەتی کرد: پۆلیس، سوپاس، بیرۆکراسی و بەشی دادوەری هەمووی لەلایەن کارمەندە هاوسۆزەکانی پارتی داد و گەشەپێدان-وە دەستیان بەسەرداگیرابوو. لەم دواییانەدا ئەردۆگان هەوڵ دەدات سیستەمی سەرۆکایەتی پەیڕەو بکات، بۆ ئەوەی هەموو دەستەڵاتەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە. هەر لەبەر ئەمانە، هەموو جۆرە ڕەخنە و ناڕەزاییەک بە شێوازێکی دڕندانە سەرکوت دەکات. (Erdemir, 2016)

لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٦ پارتی داد و گەشەپێدان زۆرینەی دەنگەکانی لەدەستدا، بەهۆی سەرکەوتن و گەشەسەندنی پارتێکی لایەنگری کورد بەناوی پارتی دیموکراتی گەلان کە ١٣،٦٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەمە وای کرد کە پارتی داد و گەشەپێدان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لاواز بێت و زۆرینەیی پارتەکەی سنوردار کرد. ئەمەش ترسی زیاتری لەنێو تورکە نەتەوەپەرستەکانی هاوسۆزی پارتی داد و گەشەپێدان دروست کرد چونکە هیچ نەبێت پێویستیان بە ٧٠٪ ی دەنگەکان هەبوو بۆ ئەوەی سیستەمی

سەرۆکایەتی جێبەجێ بکەن و دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی دروست و بەهێزتر بکەن. (Letsch, Traynor, 2016)

هەر لەبەر ئەو هۆکارە، ئەردۆگان بۆجاری دووەم هەڵبژاردنی ڕێکخست و لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانیشەوە فشاری خستە سەر پارتی دیموکراتی گەلان. لەم ڕێگایەشەوە زۆرینەی دەنگەکانیان بۆخۆیان جێگیر کرد کە بۆ جێبەجێ کردنی سیستەمی سەرۆکایەتی پێویستیان بوو.

لەبەر ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان پشتگیرییەکی گرنگی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەدەستدابوو، ئەوان هەوڵیان دەدا پشتگیری زۆرینەی خەڵکی تورکیا بەدەس بهێننەوە. بۆیە دەستیان کردەوە بەو ململانێ چل ساڵەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان هەیان بوو، ئەویش دوای دوو ساڵ لە ئاشتی و سازان و گفتوگۆکانی نێوانیان. ئەردۆگان بۆئەوەی سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هەوڵی دەدا خۆی وەك سەرکردەیەکی بەهێز نیشان بدات کە دژی 'تیرۆرستانی' کورد دەجەنگێت. هەر لەبەر ئەوەش، حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان قەدەغەی هاتوچۆی بەردەوامی لە بیست پارێزگا و دەڤەرە کوردییەکاندا ڕاگەیاند.

لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە هێزەکانی حکومەتی تورکیا توندوتیژی و سوکایەتییەکی زۆریان بەرامبەر کوردەکان بەکارهێناوە و شەوانە تۆپبارانی ناوچە قەرەباڵغەکانیان کردووە. ئەو کارە دڕندانە لەو ماوەیەدا ٧٦٨ قوربانی لێکەوتەوە. بەلایەنی کەمەوە ٢٥٦ هاوڵاتی مەدەنی بەتەواوی سوتێنران کە لە ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا لەترسی هێرشەکانی ڕژێمەکەی ئەردۆگان خۆیان حەشاردابوو.
(Kurdistan National Congress, 2016) (Charlton, 2016)

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەڵەتی بەتوندی ئیدانەی ئەو کارە دڕندانەی کرد و ڕایگەیاند کەوا ڕژێمی تورکیا سزایەکی بەکۆمەڵی دژ بە هاوڵاتیانی کورد سەپاندووە. (Amnesty International, 2016)

جگە لەمەش تورکیا لە سوریا بۆمبارانی هێزەکانی یەپەگە دەکات، لەکاتێکدا ئەو هێزە یەکێکە لە سەرسەخترین هێزەکانی جەنگ دژی داعش کە لەلایەن ئەمریکا و ڕوسیا و هاوپەیمانانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێت. ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێت تورکەکان پێیان باشترە داعش لە سنورەکانیاندا هەبێت وەك لە هەرێمێکی دیموکراتی کوردی و لەلایەن کوردەکانی سوریاوە بەڕێوە ببرێت.

(Reuters, 2016)

ئەوەی وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە كە توركەكان نایانەوێت دەوڵەتێكی دیموكراتی كوردی لەسەر بنەمای یەكسانی و مرۆڤدۆستی لە ڕۆژئاڤادا كە دەكاتە باكوری سوریا بوونی هەبێت. بە هەموو شێوەیەك ڕژێمەكە دەیەوێت بەردەوام بێت لەو بازرگانیە نایاساییەی نەوت كە لەگەڵ داعشدا ئەنجامی دەدات. لەكاتێكدا كوردانی یەپەگە و پێشمەرگە سەرسەختترین هێزن لە جەنگی دژ بە داعش و لەلایەن ئەمریكاوە پشتگیریان لێ دەكرێت. توركەكان مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیان دەرخست، بۆ جیهانیان سەلماند ئەوان جەنگ دژی تیرۆرستان ناكەن، بەڵكو لەڕاستیدا ڕزگاركەری داعشن لەگەڵ هاوبەشە نزیكەكەیاندا، ئەویش سعودیەیە.

(Graeber, 2016)

سەرەڕای ئەو هەموو نارەحەتیانەی كوردانی سوریا بەسەریاندا هاتووە، ئەوان توانیویانە سیستەمێكی فیدراڵی لە سوریا بەناوی ڕۆژئاڤا ڕابگەیەنن. (BBC, 2016)

هەروەها لەم دواییانەدا لە ٧ی مارسی ٢٠١٦ دا، گەورەترین ڕۆژنامەی توركیا بەناوی زەمان بە شێوازێكی زۆر دڕندانە لەلایەن ڕژێمی پارتی داد و گەشەپێدان-ەوە دەستی بەسەردا گیرا، ڕۆژێك دواتر ڕۆژنامەكە گۆڕدرا بۆ ئامرازێكی پڕوپاگەندەكار بۆ حكومەت. ئەمەش ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ڕۆژنامەگەری سانسۆری خراوەتە سەر و دابەشكردنی دەسەتەڵاتیش پوكاوەتەوە.(The Economist, 2016)

هەموو ئەمانە لە بەرچاوی كۆمەڵگای نێودەڵەتی ڕوویان دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەكان زۆر بە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی مانەوە، چونكە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە ئەوەیە كە توركیا كێشەی پەنابەرانیان  چارەسەربكات و ئەو لێشاوەی ڕوو لەئەوروپا دەكات كەم بكاتەوە.

دكتۆر پرۆفیسۆر یۆست یۆنگێردن لە زانكۆی وینگن لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوكەوە دەڵێت: "گفتوگۆكانی نێوان توركیا و هاوپەیمانان سەبارەت بە پەنابەران، مامەڵەكردنە بە مرۆڤەوە كە تێیدا هەردوولا لەسەر ناردن و وەرگرتنی مرۆڤ ڕێككەوتوون و چاویان لە رووی مرۆڤایەتی داخستووە. لەبری ئەوەی توركیا  بچێتە پاڵ هاوپەیمانان هاوپەیمانان چوونەتە پاڵ توركیاوە."

لەڕاستیدا زۆرێك لە ڕێکخراوە نێودەڵەتیەکان زۆر بێدەنگ و بێ هەڵوێست ماونەتەوە، خۆیان لە شەرمەزارکردنی ئەوکارە قێزەونانەی ڕژێمی فاشیستی ئەنجامیان دەدات لە تورکیا دوورەپەرێز گرتووە. (RT, 2016)

لەبەرئەوە بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی گرنگ سەبارەت بەو هەموو وێرانکاریە، دزێوییە، توندڕەوییە و ئازاربەخشانەی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدەن، بەڕای من پێویستە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ساز بکرێ بۆ ئەوەی رای گشتی هوشیار بکەینەوە. ئاشکرایە کە دەزگا سەرەکییە میدیاییە دووڕووەکان هەموو چیرۆکەکە باس ناکەن و هەواڵەکان دەگۆڕن بە شێوەیەك کە سوود و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیانی تێدابێت.

لەو هەفتەیەی کە توندوتیژییەکان لە باکوری کوردستان تا رادەیەکی زۆر زیادیان کرد، دەزگای NOSی هۆڵەندی خۆی خەریک کرد بە ڕاپۆرتێک دەربارەی کەرنەڤاڵێك. ئەو کەرناڤاڵە ئاهەنگێکی هۆڵەندییە تێیدا خەڵك خۆیان مەست دەکەن، شێتانە ڕەفتار دەکەن و چەقۆی زۆر تیژیان پێیە لە ئەلبێرت هێجن (زنجیرە سوپەرمارکێتێکی هۆڵەندییە). ئەم ڕاستییانە دووڕوویی میدیاکانی ڕۆژئاوامان بۆ دەردەخەن کە چۆن کاتێك بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە مەترسی دابێت، چاویان لە ئاست ئازارەکانی خەڵکی دادەخەن. (NOS, 2016)

ئامانجی ئەم کۆنفرانسە پێشنیازکراوە ئەوەیە خەڵك هۆشیار بکرێنەوە و ئاگاداربن چی بەسەر هاوڕێ مرۆڤەکانی دیکە دێت لەم جیهانە، بیانجوولێنێ تا داوای دادپەروەری و هەنگاوی جدی لە حکومەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیان بکەن [بۆ گرتنەبەری ستراتیژییەکی گونجاو]. دیارە فۆکەسی هەر سەرەکی لەسەر کوردەکان دەبێ، بەڵام پەیامە گشتیەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی مرۆڤدۆستی و تێگەشتنە لە بارودۆخی یەکتری؛ بۆ ڕاکێشانی سەرنجە بەلای ئەوکەسانەی لە یهاندا لە ململانێ و ناکۆکی دان؛ بۆ تەواوی ژنە بەرهەڵستکارەکانە، بۆ خەڵکی کوردستانە کە دژی ستەمکاری وەستاونەتەوە، بۆ بەندکراوە سیاسییەکانە، بۆ هەموو ئەو نەمرانەیە کە لەڕێگای ئازادیدا گیانیان سپارد، بۆ ئەوانەی کە بەرگری دەکەن لەشارە داگیرکراوەکان و لە شاخ و دۆڵەکاندا.

هەروەها ئامانجێکی دیکەی گرنگی ئەم کەمپینە بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندییە لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی و تورکیدا، بۆ زاڵبوون بەسەر ڕابردوو، هاندانیان بۆ ئاشتبوونەوە و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە. یەکێک لە میکانیزمەکان بریتی دەبێ لە دروستکردنی پەیجێکی فەیسبوك و لەوێوە هەموو ئەوانەی حەزیان لەو بابەتە بێت دەتوانن پەیوەندی بکەن و گفتوگۆیەکی ئاشتیانە بکەن لەسەر بابەتە هەستیارەکان. لەم ڕێگەیەشەوە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن وەك ڕێگایەك بۆ ئاشتبونەوە بکرێتە ئامانج.

کۆنفرانسەکە لە ١٨ی مارسی ٢٠١٦ دا ئەنجام دەدرێت، تێیدا چەندین قسەکەر لە شوێنە جیاوازەکانەوە باس لە بابەتەکان دەکەن. لە کۆتاییدا کاتێك دادەنێن بۆ گفتوگۆیەکی تەندروست و پرسیار و وەڵام. هەروەها مێزێك ئامادە دەکرێت بۆ پێدانی زانیاری، تێدا خەڵکی دەتوانن فڵایەر و ناميلکەو دەستبەندێکی پلاستیك کە ڕستەیەکی گرنگی لەسەر نووسراوە وەربگرن. دواتر هەموان دەتوانن وێنەیەکی خۆیان، دەستبەندەکانیان و پەیامێکی تایبەتی بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی بڵاوبکەنەوە.

هەروەها لە ڕۆژی یەکشەمە ٢٧ی مارس کاتژمێر یەك لە پلێین نزیك لە پەرلەمانی هۆڵەندا خۆپیشاندانێکی گەورە و ئارام ڕێکدەخرێت. مەبەستی ئەم خۆپیشاندانە بۆ زیادکردنی هۆشیاریی خەڵکە سەبارەت بەو کارە دڕندانانەی ڕژێمی تورکیا بەرامبەر بە هاوڵاتیە کوردەکان ئەنجامی دەدات. ئامانج لێی حکومەتی هۆڵندایە کە داوای هەڵوێستی یاسایی لە تورکیا بکات.

سەبارەت بەم وتارەش، هەموو ووردەکارییەکان بە ووردی ڕوون دەکاتەوە و چ پەناگە و چ جۆرە کەسانێك بەشداری دەکەن هەمووی باس دەکرێت، بۆئەوەی کۆنفرانسێکی زۆر کاریگەر، باڵا و سەرکەوتوو ڕێك بخرێت.

## Bibliography

Charlton, Corey., (2016). Turkish forces accused of letting 150 Kurds burn to death while trapped in basements as ''Freedom Hawks'' separatist group claims responsibility for deadly Ankara bombing. Daily Mail. Retrieved March 9, 2016, from http://www.dailymail.co.uk/news/article-3454553/Turkish-forces-accused-burningalive-150-Kurds-trapped-basements-amid-vicious-crackdown-separatists-wake-Ankara-bombing.html

BBC,. (2016). Syria Conflict: Kurds declare federal system. Retrieved, 17 March 2016, from http://www.bbc.com/news/world-middle-east-35830375

Erdemir, Aykan., (2016). A turning point for Turkey's Kurds and parliamentary democracy. Retrieved, March 9, 2016, from https://www.opendemocracy.net/westminster/aykan-erdemir/turning-point-for-turkey-s-kurds-andparliamentary-democracy-0

Graeber, David., (2016). Turkey could cut off Islamic State's suplly lines. So why doesn't it? The Guardian. Retrieved, March 9, 2016, from http://www.theguardian.com/commentisfree/2015/nov/18/turkey-cut-islamic-statesupply-lines-erdogan-isis

Kurdistan National Congress, (2016). Peace in Kurdistan. Campaign for a peacefull solution of the Kurdish question. Retrieved, March 9, 2016, from http://peaceinkurdistancampaign.com/resources/kurdish-national-congress-knk/

Letsh, Constanze., Traynor, Ian., (2015). Turkey Election: ruling party loses majority as pro-Kurdish HDP gains seats. The Guardian. Retrieved, March 9, 2016, from http://www.theguardian.com/world/2015/jun/07/turkeyelection-preliminary-results-erdogan-akp-party

NOS, (2016). Albert Heijn-Messen voor sommigen te scherp. Retrieved, March 9, 2016, from http://nos.nl/artikel/2085648-albert-heijn-messen-voor-sommigen-te-scherp.html

RT. (2016). #JusticeForKurds: RT calls on UN to probe Turkey's alleged killing of Kurdish civilians. Retrieved, 17 March 2016, from https://www.rt.com/news/335920-justice-kurds-turkey-petition/

The Economist, (2016). Turkey cracks down on Zaman, an opposition newspaper. Retrieved, March 9, 2016 from

http://www.economist.com/news/europe/21694362-meanwhile-european-leaders-try-negotiate-countrystem-flow-migrants